بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
#SupportKurdistan
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
Tue, 13. Mar. 2018 No: (5470)

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504688380 - 07504456553 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231


# 57 شێوەکار بە 70 تابلۆ بەشداربوون

## پێشانگای شێوەکاری دوێنێ و ئەمڕۆ لە هەولێر کرایەوە





**وریشە عومەر:** وەزارەتی ڕۆشبیری و لاوان بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیروهونەری هەولێر، بەبۆنەی ڕزگارکردنی شاری هەولێر پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ(57)هونەرمەندی شێوەکار لە ژێرناوی (دوێنێ و ئەمڕۆ)لەهۆڵی میدیای شاری هەولێرکردەوە،لەپێشانگاکەدا نزیکەی (70)تابلۆ نمایش کرابوو، مەولود هادی شێوەکار بەشداربوویەکی پێشەنگاکە بەدوو تابلۆ،بەخەباتی گوت: من بەدوو تابلۆ بەشداریم کردوە تابلۆی (هەڵەبەجە و تابلۆی هەولێر) سەرجەم تابلۆکان باسیان لەژیان وگوزەرانی کوردستان و هەولێر دەکرد، من وەکو شانۆکارێک چێژلەوە وەردەگرم کە خەڵک دێت تابلۆکانم دەبینن ، بەڵام بەس بینین هەموو شتێک نیە داواکارم هاوڵاتیانی خۆمان فێربن تابلۆی خۆمان بکڕن و بیکەنە کلتور لەجیاتی تابلۆی بیانی تابلۆی خۆمان هەڵ بواسن.



## بارزان ... سازدانی ئاهەنگێک لە یادی 11ی ئادارو ڕۆژی جلی کوردی

**مسلم دۆلەمەری – بارزان:** بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی ورێکخراوەیی و کەسوکاری قوتابیان لە قوتابخانەی ئامادەیی بلێ بە سازدانی ئاهەنگێک و چەندین چالاکی جۆراو جۆر لەوانە گێرانی ئاهەنگ پێشکەشکردنی شانۆگەری خەڵاتکردنی قوتابیانی سەرکەوتو چەندین چالاکی تر یادی 11ی ئادار و ڕۆژی جلی کوردی کرایەوە , شایانی باسە ئەم ئاهەنگە لەلایەن نوسینگەی مێرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ قوتابخانەی ناوبراو ڕێکخرابوو .

# لە دواناوەندی بەحرکەی کچان فستیڤاڵێکی کولتوری و هونەری سازکرا





بەبۆنەی یادەکانی ئادارو نەورۆز و بۆ زیندووراگرتنی کولتور و کەلەپوری نەتەوەیی گەلەکەمان و ئاشنا کردنی نەوەی نوێ بەرابردوو و داب و نەریتی باب و باپیرانمان و مێژووی پڕ سەروەری گەلی کوردستان , بەئامادەبوونی بەرێز بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و پەروەردەی و قوتابیان و مامۆستایان و ژمارەیەک لەکەس و کاری قوتابیان , دواناوەندی بەحرکەی کچان فستیڤاڵێکی کولتوری و هونەری سازکرد .سەرەتای فستیڤاڵەکە بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەستی پێکرد و دواتر چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکەوە پێشکەش بەئامادەبووان و میوانەکان کرا کە تەواوی چالاکییەکان گوزارشتیان لەیادەکانی ئادارو نەورۆزو مێژووی گەلی کورد دەکرد، هەر لەمیانی فستیڤاڵەکەدا چەندین تابلۆی فۆلکلۆری و کەرەستە و خواردنی کوردەواری نمایشکران لەکۆتایی فستیڤاڵەکەدا چەندین پارچە میوزیک و گۆرانی ڕەسەنی کوردی پێشکەشکران و لایەن مامۆستایان و قوتابیانەوە بەشایی و هەڵپەڕکێ فستیڤاڵەکە ڕازاێندرایەوە کەبووە مایەی دڵخۆشیی تەواوی ئامادەبووانی فستیڤاڵەکە.

# دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان .. وێستگەیەک بۆ کۆچی باڵندەکان





دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان لەم وەرزەدا دەبێتە شوێنی پشوودانی دەیان جۆر لەو باڵندانەی کە بەرەو نیوەی باکووری گۆی زەوی کۆچ دەکەن. دەریاچەی وان لە شاری وان لە باکووری کوردستان کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ئانادۆڵۆ بووەتە شوێنی پشوودان بۆ دەیان جۆر لەو باڵندانەی کە بەرەو ناوچە ساردەکان لە نیوەی باکووری گۆی زەوی کۆچ دەکەن. ڕووبەری دەریاچەکە 12هەزار و 500 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و قوڵاییەکەی دەگاتە 174مەتر. لەم کاتانەی هەمووساڵێکدا کامێراکانی فۆتۆگرافەرە پیشەگەرەکان و ئەوانەشی ئارەزووی وێنەگرتن دەکەن ڕکابەرایەتی دەکەن لەسەر گرتنی جوانترین وێنەکانی ژیانی سرووشتی لە کەناری دەریاچەکە.

## هونەرمەندی لاو بنیامین شادمان مەروا بڵاو دەکاتەوە

**تریسکە شێرزاد:** هونەرمەندی لاو بنیامین شادمان لە ساڵی 1991لە شاری سلێمانی لە دایک بووە ،یەکەم دەست پێکی هونەری بۆ،وڵاتی ئێران دەگەرێتەوە لەوێ فێرە ئەلفو بێی مۆسیقابوە، یەکەم دەست پێکی هونەری لە شاری ئێران بوە لە ساڵی 2012گروپی مۆسیقای لاوی لە سۆران پێکهێناوە لەگەڵ کۆمەڵێک عازفی بەناوبانگ لە 12ی 12ی 2012گروپی لاوی پێکهێناوە خاەنی بەرهەمێکە



بەناوی جودای ، لە ئێستادا ئاواز دانەر و پێشکەشکاری بەرنامەی خۆت ببینە لە کوردستان ?24لەم دوایانەدا شیعرێکی بە ناوی تاوانبار بڵاو کردەوە قوتابی بەشی ئامارە لە کۆلێژی ئیدارەو ئیقتیساد، ئەو هونەرمەندە لاوە موژدەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ بەناوی مەروا بە هەوادارانی دەدات کە بڕیارە بۆ نەورۆز بڵاوی بکاتەوە هەروەها بۆ ماوەیەک پێشکەشکاری بەرنامەی سەکۆ بوە لەکەناڵی نیولانین، بەم زووانە بەرهەمێکی شیعری بڵاو دەکاتەوە .لە ئێستادا لەشاری هەولێر دەژی.

## کانی قرژاڵە هونەرباران کرا



**ئا: ڕێبوار:** لە چوارچێوەی پرۆژە هاوبەشەکەی بەڕێوەبەرایەتیی لاوانی هەولێر و ڕێکخراوی UNICEFدا .. پێنجشەممە 8_3_2018ناوەندی وەرزش و لاوانی خەبات بە کەرنەڤاڵێک هونەربارانی کانی قرژاڵەی کرد ... کەرنەڤاڵەکە چەندین چالاکی شانۆیی و موزیکی و گۆرانی و شیعرو پەخشانی لەخۆ گرتبوو سەرەرای نەخشاندن و جوانکردنی دیوار ، خوانێکی تایبەتیش پێشکەش بە ئامادەبووان کرا ... لە کۆتاییدا وەک هەڵمەتێکی نیشتمانی شوێنی ئەنجامدانی چالاکییەکە خاوێن کرایەوە.